سمکۆ عەلی:
ڕاهێنەر و یاریزانی لەش جوانی

# یاریزان لەسەر ئەرکی خۆی ئامادەکاری بۆ پاڵەوانێتییەکان دەکات



**هەولێری پایتەختی کوردستان یەکێکە لەو شارانەی کە خاوەنی چەندین یاریزانی بەتوانایە لە یارییە جۆراوجۆرەکانی وەرزشیدا، یاریی لەش جوانییش بە شێوەیەکی بەرچاو لەم شارەدا پەرەی سەندووە و، کردنەوەی چەندین هۆڵی وەرزشییش زیاتر خولیای یاریزانانی لاوی بۆ ئەم یارییە ڕاکیشاوە، سمکۆ عەلی یەکێکە لەو یاریزانە بەتوانایانی کە ماوەیەکی زۆرە لە خزمەتی ئەم یارییەدایە و یەکێکە لە پاڵەوانەکان و خاوەن چەندین بڕوانامەیە لە بواری ڕاهێنەرایەتی، جگە لەوەش ئێستا ئەو خەریکی پێگەیاندنی چەند یاریزان و بەهرەمەندێکە، بۆ دوا ڕۆژی ئەم یارییە لە ڕێگەی هۆڵە وەرزشییەکانەوە، سمکۆ لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٤ـە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، ئەویش وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**

*** ئاستی یاریی لەشجوانی بە شێوەیەکی گشتی چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

-بە شێوەیەکی گشتی یاریی لەشجوانی بەرەوپێشچوونی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە، بە تایبەتی لەم چەند ساڵەی دوایدا خەڵکێکی زۆر ڕوویان لەم یارییە کردوە.

*** وەکو پاڵەوانێك، پێت باشە چی بکرێت بۆ بەرەوپێشچوونی ئەم یارییە؟**

- پێویستە هانی گەنجان بدرێت بۆ وەرزشکردن، بەتایبەتی ڕاگەیاندنەکان کە بەپێی پێویست گرنگی بە یاریی لەشجوانی نادەن، جگە لەوەش دەکرێت کە کرێی بەشداریکردنی مانگانە بۆ قوتابیان کەم بکرێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانن بەردەوام بن لە یاریی لەشجوانی.

*** ئایا تەنیا یەك جار کردنەوەی پاڵەوانێتیی ساڵانە دەبێتە هۆکار بۆ پێشوەچوونی ئەم یارییە؟**

-ساڵانە کردنەوەی یەك پاڵەوانێتی بەس نییە بۆ پێشکەوتنی پاڵەوانەکان، بەڵام هیچ هاوکارییەکیش نییە، نە لایەنی ماددی نە مەعنەوی، یاریزان لەسەر ئەرکی خۆی ئامادەکاری دەکات بۆ پاڵەوانێتییەکان، ئەوەش هەندێك کات یاریزان سارد دەکاتەوە.

*** گرفتی یاریی لەشجوانی لە چیدا دەبینیت؟**

-گرفتی ئێمە بە گشتی ئەوەیە لە هەر کۆڵان و سوچێك هۆڵێك هەیە، نازانین مەرجی تەندروستییان تێدایە، یان نا، یان ئایا بە پێی ڕێنماییەکانی یەکێتیی لەشجوانیی کوردستان دانراون؟، ئەگەر هاوکاریی یەکێتیی ناوەندیی لەشجوانیی کوردستان بکەین، ئەوا هەموومان پێش دەکەوین.

***کردنەوەی ئەم هۆڵانە لایەنی خزمەتە، یان زیاتر بازرگانییە؟**

-کردنەوەی هۆڵەکان زیاتر من بۆ ڕووی بازرگانییەکەی دەبینم، نەك خزمەتکردن.

*** هەست ناکەی ئێستا ئەم یارییە لە ناو گەنجاندا زیاتر پەرەی ساندووە؟**

-بەڵێ، گەنج و لاوەکان بە ڕێژەیەکی زۆر ڕوویان لەم یارییە کردووە، چونکە ڕوخسار و لەشێکی جوان پێشان دەدات.

*** بەرنامەت بۆ داهاتوو چییە؟**

-دەمەوێت زیاتر خزمەت بە گەنجان بکەم، بەتایبەتی قوتابییە بەڕێزەکان، کە هەوڵ دەدەم داشکان لە نرخی هۆڵەکاندا بکەم، تەنیا بۆ بەرژەوەندیی ئەوان.

***باشترین ئەنجامەکانت وەکو یاریزان چی بوون؟**

- من تەنیا بیرم لە ئەنجامی خۆم نە کردۆتەوە، ئامانجم زیاتر سوودگەیاندنە بە یاریزانان.

***ئایا لەئێستادا سەرقاڵی چیت؟**

- ئامادەکاری دەکەم بۆ ئەوەی بەشداری لە چەند پاڵەوانێتییەکی فتنسدا بکەم.

***هۆڵەکان تا چەند سەلامەتی و ڕێنمایی تەندروستییان تێدا جێبەجێ دەکرێت، کە ئێستا نەخۆشی گوازراوە هەیە؟**

- بە گشتی زۆربەی هۆڵە وەرزشییەکان لە ڕووی تەندروستییەوە پاك و خاوێنن و کێشەی تەندروستییان نییە.

*** زیاتر بە چ یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت لەم یارییەدا؟**

-سەرسامم بە پاڵەوانی جیهانی (بیك ڕامی) لە کوردستانیش بە جەواد جەعفەر سەرسامم.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتایدا؟**

- هیوادارم ئەم یارییە زیاتر پێش بکەوێت لەسەر ئاستی کوردستان، زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵانیش کە بەردەوام لە خزمەتی وەرزشکاراندان بە بێ جیاوازی.

## ریاڵ مەدرید لەبەردەم گرفتێکی گەورەدایە

یانەی ریال مەدرید رووبەڕووی کێشەیەکی گەورە دەبێتەوە، بەهۆی یاریزانانی ئەمریکای باشوورەوە، لە کاتی هەفتەی فیفادا، کە هەفتەی داهاتوو دەستپێدەکات و ماوەی ١٠ رۆژ دەخایەنێت.
ریال مەدرید شەممەی داهاتوو لە هەفتەی سێیەمی خولی ئیسپانیا رووبەڕووی ریال بێتیس دەبێتەوە و دوای یارییەکە یاریزانەکانی پەیوەندی بە هەڵبژاردەی وڵاتەکانیانەوە دەکەن بۆ ئەنجامدانی یارییەکانی پاڵاوتن بۆ مۆندیال.
چاوەڕوان دەکرێت ئیدێر میلیتاو و کاسێمیرۆ پەیوەندی بە هەڵبژاردەی بەرازیل بکەن، فێدریکۆ ڤالڤێردیش دەگەڕێتەوە ئۆرۆگوای، لەگەڵ ئەگەری بانگهێشتکردنی ڤینیسیۆس جۆنیۆر لە لایەن راهێنەری هەڵبژاردەی بەرازیل.
کێشەی ریال مەدرید لە یاری سێلتا ڤیگۆ دەبێت لە هەفتەی چوارەمی خولەکە، دوای ئەوەی هەفتەی فیفا تەواو دەبێت، کە یاریزانانی ئەمریکای لاتینی لە گەشتێکی درێژخایەندا، کە زیاتر لە ١٢ کاژێر دەخایەنێت، دەگەڕێنەوە مەدرید، کە یاریزانە بەرازیلییەکان تەنیا ٣٥ کاژێر پشوویان دەبێت و ڤالڤێردیش ٣٧ کاژێر پشووی دەبێت، بۆیە ئەگەری بەشداریکردنیان بەرامبەر سێلتا ڤیگۆ زەحمەت دەبێت.
ئەگەر کارلۆ ئەنچیلۆتی یارییان پێبکات سەرکێشییەکی مەترسیدار دەبێت، چونکە ئەوان تووشی ماندووبوونێکی زۆر دەبن، بێجگە لەوەی ئەگەری پێکرانیان دێتە ئاراوە، بەهۆی ماندووبوون و کەم پشوو، ئەگەریش یارییان پێنەکات بێگومان کێشە لە پێکهاتەکەیدا دروست دەبێت، بەو پێیەی ئێستا ئەو یاریزانانەی ئەمریکای باشوور لە یاریزانە هەرە گرنگەکانی پێکهاتەی کارلو ئەنشیلۆتین.
ریال مەدرید لە دوو گەڕی ئەم وەرزەی خولی ئیسپانیا ٤ خاڵی لە سەرکەوتنێک و یەکسانبوونێک بەدەستهێناوە و پلەی سێیەمی ریزبەندیی خولەکەی گرتووە.



## پاریس سان جێرمان دەستبەرداری چەند یاریزانێک دەبێت

یانەی پاریس سان جێرمانی فەرەنسی دەستبەرداری سێ یاریزانی دەبێت، پێش ئەوەی دەرگای گواستنەوەی هاوینەی یاریزانان دابخرێت.
پاریس سان جێرمان، لە گواستنەوەی ئەم هاوینەدا، ٥ گرێبەستی مۆرکرد و هەریەکە لە لیۆنێل مێسی، ئەشرەف حەکیمی، سێرخیۆ رامۆس، جیانلویجی دۆنارووما و جۆرجینیۆ ڤاینالڈۆمی گواستەوەتەوە ریزەکانی.
بەپێی هەواڵی میدیای فەرەنسا، پەیوەندیکردنی ئەو یاریزانانە بە یانەکەوە پاریس سان جێرمان ناچار دەکات بیر لە دەستبەرداربوونی چەند یاریزانێک بکاتەوە.
رۆژنامەی لێ پاریزیانی فەرەنسی دەڵێت: پاریس سان جێرمان ئێستا خاوەنی ٢٩ یاریزانە، کە ئەمەش بۆ یانەکە زۆرە، بۆیە چاوەڕواندەکرێت دەستبەرداری سێ یاریزان ببێت، کە ماوریسیۆ پۆچێتینۆ سوودێکی وایان لێ نابینێت، ئەوانیش هەریەکە لە لایڤین کورزاوا، رافینیا ئەلکانتارا و پابلۆ سارابیان.
لە دوای سێ هەفتەی سەرەتای ئەم وەرزەی خولی فەرەنسا، هەریەکە لە پابلۆ سارابیا و کورزاوا زیاتر لە ١٥ خولەک یارییان نەکردووە، سەرەڕای ئەوەی، کە تاوەکو ئێستا هەریەکە لە مێسی، نەیمار، مارکینیۆس و رامۆس بەشدارییان لە هیچ یارییەکی یانەکەدا نەکردووە، بۆیە رۆیشتنی ئەو دوو یاریزانە تا رادەیەکی زۆر لە یانە فەرەنسییەکە یەکلابووەتەوە، تەنیا چاوەڕێی گرێبەستی گونجاو دەکەن بۆ دەستبەرداربوون لێیان.



# میسر لە ئەزموونی محەمەد سەڵاح بێبەش دەبێت

محەمەد سەڵاح هێرشبەری هەڵبژاردەی میسر و یانەی لیڤەرپوول ڕێگەی پێ نادرێت بەشداری یارییەکانی هەڵبژاردەی وڵاتەکەی بکات.

ماڵپەری فەرمی یەکێتی تۆپی پێ میسر بڵاویکردەوە، یانەی لیڤەرپوول ئامادەنیە بەهۆی مەترسیەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا و ڕێکارە خۆپارێزییەکان، ڕێگە بە محەمەد سەڵاح هێرشبەرەی هەڵبژاردەکەیان بدات بەشداری یارییەکانی پاڵاوتنەکانی بکات، کە بریارە مانگی داهاتوو ئەنجام بدرێن.

سەرچاوەکە ئەوەشی بڵاوکردەوە وڵاتەکەیان لە لیستی سووردایە لە بەریتانیا، بۆیە ئەگەر یاریزانەکەی هەڵبژاردەکەیان و یانەی لیڤەرپوول بگەڕێتەوە وڵاتەکەیان، لە کاتی گەڕانەوەی بۆ بەریتانیا پێویستە ١٤ رۆژ کەرەنتین بکرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی، کە محەمەد سەڵاح زۆر لە یارییەکانی یانەکەی داببڕێت.





# بیست یانە داوای گۆڵپارێزێکی کوردیان کردووە

ئەستێرە کوردەکانی بەشدار لە خولی عێراقی بەردەوام چاوی یانەکانی دیکەیان لەسەرە، بۆ ڕازیکردنیان بۆ یاریکردن لە ڕیزی تیپەکان، یاسین کەریم گۆڵپارێزی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە ماوەی چەند وەرزێکە یەکێکە لە گۆڵپارێزە بە توانا و ئەستێرەکانی خولی نایابی عێراقی، لەگەڵ یانەی میناش ڕۆڵێکی کاریگەری بینیوە، ئەم وەرزە زیاتر لە بیست یانەی بەشداربووی خولی عێراقی داوای گرێبەستیان لەم یاریزانە کوردە کردووە، لەم بارەشەوە یاسین کەریم بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەمساڵ زیاتر لە بیست یانەی شارەکانی عێراق و کوردستان داوای مۆرکردنی گرێبەستیان لێ کردووم، بۆ یاریکردن لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی، لەوانەش یانەکانی (شورتە، زەورا، هەولێر، نەفت، بەغداد، نەفتی میسان، دیوانییە،نەورۆز، زاخۆ، تەلەبە) جگە لەوەش چەندین یانەی وڵاتی ئێرانیش داوایان کردووە یارییان بۆ بکەم، بەڵام دوای بیرکردنەوەیەکی باش، لە نێو هەموو یانەکان کە داوای گرێبەستیان کردبوو، یانەی شورتەم هەڵبژارد، بۆ ئەوەی لە وەرزی نوێی خولی نایابی عێراقی بتوانم بەرگری لە تۆڕی گۆڵی ئەو یانەیە بکەم، دەمەوێت وەکو گۆڵپارێزێکی کوردی پیشەگەر لە یانەی شورتە زیاتر گرنگی بە تواناکانی خۆم بدەم، بۆ ئەوەی ببمە ئەستێرەی یەکەمی خولەکە، جگە لەوەش وەکو کوردێك ببمە خاوەن ناوبانگێکی گەورە لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە، ئەوەی لەتواناشم بێت خزمەتی یانەی شورتە دەکەم»، لەبارەی قبووڵکردنی گرێبەستیش لەگەڵ ئەو یانانە یاسین کەریم گوتی: «ئەو یانە گەورانەی شاری بەغداد خاوەن جەماوەرێکی زۆرن و چەندین ئەستێرەی گەورە وەك گۆڵپارێز لە ڕیزی ئەم یانانە یاری دەکەن، منیش دەمەوێت لە هەر یانەیەك بم جێ پەنجەم دیار بێت، بۆ ئەوەی ئاستی خۆم و یانەکەش بەرەوپێشببەم، وەکو یاریزانیش هیچ گرفتێکم نییە کە ماوەیەکی زۆرە لە خولی نایابی عێراقی یاری دەکەم».



# کوردێک سێ بڕوانامەی نێودەوڵەتیی شەترەنج بەدەست دەهێنێت

بەسەرپەرشتیی یەکێتیی شەترەنجی نێودەوڵەتی (FIDE) د. دڵزار حەمەساڵح سەرۆکی یانەی شەترەنجی خانزاد، بەشداریی لە سیمینارێکی یەکێتیی شەترەنجی ئاسیا دەکات و لە بەدەستهێنانی بڕوانامەی نێودەوڵەتیدا سەرکەوتوو دەبێت، بەمەش دەبێتە یەکەمین کورد کە سێ بڕوانامەی نێودەوڵەتیی هەبێت. لەرێگای ئۆنلاین و لەماوەی نێوان ٢٨تا ٣١ی تەمموزی ٢٠٢١ ئەکادیمیای یەکێتیی شەترەنجی نیودەوڵەتی بەچاودێریی ڕاستەوخۆی یەکێتیی شەترەنجی نێودەوڵەتی سیمینارێك بەڕێوەچوو، کە لە دەستپێکدا هیشام ئەلتاهر ئەمینداری گشتیی یەکێتیی شەترەنجی ئاسیا و سۆلاکۆگلو ئۆزگور سەرۆکی چالاکییەکانی ئەو یەکیتییە و کاستۆ ئەبۆندۆ بەڕێوەبەری جێبەجێکاری یەکێتیی ئاسیا و مهرداد باهلیفان زادە ئەمینداری لیژنەی بنەماکانی یەکیتیی ئاسیا ئامادەبوون، مەهدی عەبدولڕەحیم سەرۆکی لیژنەی بنەماکانی یەکێتیی شەترەنجی نێودەوڵەتی و سەرۆکی لیژنەی ناوبژیوانان سیمینارەکەیان بەڕێوەبرد و، تیایدا دڵزار حەمەساڵح کە تاکە کورد بوو لەنێو ١٢ وڵات بەشداری کردبوو، توانی سەرکەوتوو بێت و بڕوانامەی نێودەوڵەتی بەدەست بهێنێت، جێی وەبیرهێنانەوەیە لەئێستادا د. دڵزار حەمەساڵح بووە بە خاوەنی سێ بروانامەی نێودەوڵەتی، وەك: بڕوانامەی ڕاهێنەرایەتی و ناوبژیوانی و ڕێکخەر، لەماوەی ڕابردووشدا چەندین پاڵەوانێتیی نێودەوڵەتیی لە وڵاتانی عێراق، تونس، ڕووسیا، هەنگاریا، ڕێن خستووە، هەروەها تاکە ڕێکخەریشە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق کە زۆرترین پاڵەوانێتیی نێودەوڵەتی و نیشتمانیی ڕیك خستووە، کە ٧٠ پاڵەوانێتیی نێودەوڵەتی بوون.

# یاسر قاسم دەچێتە سوید

یانەی داڵکورد کە بەشدارە لە یارییەکانی پلە یەکی خولی یانەکانی سوید، بەردەوامە لە پەڵکێشکردنی ئەستێرە لاوە کوردەکانی باشووری کوردستان، بۆ ئەوەی لە ڕیزی یانە گەورەکانی سوید شەڕی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە بکات، ئەم یانەیە لە دواین گواستنەوەیدا دوو یاریزانی یانەکانی کوردستانی ڕاگەیاند، بەناوەکانی (ئەحمەد سەبری و یاسر قاسم) یاریزانی پێشووی یانەی هەندرێن و دانیشتووی شارۆچکەی کەلەکچیی سەر بە پارێزگای دهۆك، لای خۆیەوە یاسر قاسم لە بارەی چوونی بۆ یانەی دڵکورد، بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «گرێبەستەکەم لەگەڵ داڵکورد بۆ دوو وەرزە لە خولی یانە پلەیەکەکانی وڵاتی سوید و یاری بۆ ئەو یانە کوردییە دەکەم، هەست بە دڵخۆشی و شانازییەکی زۆر دەکەم بۆ ئەوەی بتوانم خزمەتی یانەیەکی کوردی بکەم، لە دەرەوەی وڵات، من خۆم حەزم دەکرد لە ئەوروپا یاری بکەم، ئەگەر بە خۆڕایش بووایە من هەر دەڕۆیشتم، ئەگەر فیزەکەم زوو بگەڕێتەوە بە زووترین کات گەشتی سوید دەکەم، ئەگەر دواکەوتیش بۆ مانگی یەك، ئەوا پەیوەندی بە یانەی داڵکورد دەکەم، بۆ ئەم چەند مانگەش ڕەنگە بۆ یانەیەك لە خولی کوردستان، یان خولی عێراقی یاری بکەم، ئەویش لەگەڵ بریکاری خۆم (هەژار مەعروف) بەیەکەوە بڕیار دەدەین»، سەبارەت بە دەستپێکی یارییەکانیشی یاسر قاسم گوتی: «من لە یانەی زێرەڤانیی شاری دهۆك دەستم پێ کردووە، ئەمساڵیش لە یانەی زێرەڤانی بەشداریی خولی کوردستانم کرد، داڵکوردیش چاوی لە سەر یاریزانی کوردە و ئێمەش چاومان لە خزمەتکردنی ئەو یانەیە، ئێستاش شەش یانە لە سەر هێڵن لە خولی کوردستان و عێراق، بۆ ئەوەی بڕیار بدەم، ئەگەر فیزەکەم نەگەڕێتەوە، ئەوا یەکێك لە یانەکان هەڵدەبژێرم بۆ ئەوەی یاریی تێدا بکەم».



